Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

**Kurdish Human Rights Association**

---

# راپۆرتی هەژماری لەسێدارەدراوەکان لە ئێران و پیشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی 5 ساڵی 2011

لە سێدارەدانی 51 کەس و لە سێدارەدانی دەیان گیراوی دیکە بە نهێنی لە ناو زیندانەکان دا
کوشتن و بریندار کردنی 9 کاسبکاری کورد
راپۆرتی پیشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران
ساڵوگەری لە سێدارەدانی ماموەستا فەرزاد کەمانگەر و هەڤاڵانی
یازدەهەمین خڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
جەژنی زمانی کوردی
رێزگرتن لە رۆژی جیهانی دایک لە لایەن دایکانی کوردەوە
بەردەوامی هێرشەکانی ئەرتەش و سپای تورکیە و ئێران بۆ سەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

## ئاماری لە سێدارەدراوەکان لە مانگی 5 ساڵی 2011 لە ئێران

لە سێدارەدانی کەسێکیتر لە شاری ئاشتیان
2011-05-01
حیکمەت عەلی موزەفەری' سەرۆکی گشتی دادگوستەری پارێزگای مەرکەزی، لەسێدارەدانی کەسێکی لە موسا ئاباد سەر بە شاری ئاشتیان، راگەیاند
بەگوێرەی راگەیاندنی ماڵپەری ئەو پارێزگایە، ئەو کەسە بە تۆمەتی ،دژایەتی لەگەڵ خودا و لە رێگەی دزی چەکدارانە، لەسێدارە دراوە
2011-05-03
سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە کەسێک لە شاری ماە شەهر، لەبەرچاوی خەڵک لەسێدارە دراوە.
بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەو کەسە بەتۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەکانی هۆشبەر لەسێدارە در

2011-05-04
بە گوێرەی راگەیاندنە فەرمیەکان دادگای پارێزگای مازەندەران، سەرلەبەیانیی رۆژی دووشەممە دوو کەس لە شاری ساری، بە تاوانی گرێدراو بە مادەی بێهۆشکەر، لەسێدارە دران
بە پێی سەرچاوەکان ناسنامەی ئەوە دوو کەسە تا ئێستا نازانرێ
لەسێدارەدانی 9 کەس لە پارێزگای خوزستان
2011-05-09
9 کەس بە تۆمەتی پێکدادان لە گەڵ هێزە ئینتزامیەکانی ئێران لەسێدارەدراون
راگەیەندرا رۆژی شەممە ،3 کەس لەو گیراوانە بە ناوەکانی" عەلی، جاسم و ناسر حەیدەری" کە برا بوون و لە سێرێانی " حەمیدیە" لە ئەهواز لە پێش جاوی خەڵکەوە لە سێدارەدراون
هەروەها 6 کەسیتر بە ناوەکانی" ئەمیر مێعماری، عەلی نەعامی، ئەمیر بەدەوی، ئەحمەد ناسری و هاشم حەمیدی 16 ساڵە" لە گرتووخانەی کارون لە شاری ئەهواز لەسێدارەدراون

---

**Kurdish Human Rights Association**

---

به گوێرەی سەرچاوەکە هاشم حەمیدی 16 ساڵان لە کاتی جێبەجێکردنی سزاکەی سەری لە لاشەی جیا بووەتەوە ،سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە هیچ کامە لە ماڵپەر و هەواڵنێریە ئێرانیەکان، چ لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن، چ ناوەندە حکوومەتیەکان، هیچ ئاماژەیەکیان بە لەسێدارەدانی ئەو 9 کەسە نەداوە

2011-05-11

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، ڕۆژی 3 شەممە 20 بانەمەڕ، 3 کەس لە گرتووخانەی ناوەندی شاری میاندوواو لە پارێزگای ئورمییە لەسێدارەدراون

ڕاگەیەندرا لەو 3 کەسە یەکیان خەڵکی میاندووا، و 2 کەسەکەیتر خەڵکی شاری ئورمییە بوون

لە سێدارەدانی 5 کەس لە گرتوخانەی ناوەندی ئورمیە

سێ شەممە 20 مانگ

ڕۆژی 20 مانگ 5 زیندانی لە گرتوخانەیی ناوەندی ئورمیە بە تاوانی کرین و فرۆشی مادە هۆشبەرەکان لە سێدارە دران.

ناوی سێ کەس لەوان عارف رەشیدپور، ئەسفەندیار مەنداحەکی و تەیمور ئەیوبیان ڕاگەیاندراوە.

لە سێدارەدانی 8 کەس لە پارێزگاکانی یەزد و کرمان

شەممە، 24 خاکەلێوە

لە ڕۆژی 23 خاکەلێوە لە پێش چاوی خەڵک لە بەر دەرگایی گرتوخانەیی ناوەندی یەزد و یەک کەس لە ناو گرتوخانە لە سێدارە دراون.

هەروەها ڕۆژی 5 شەممە 22 خاکەلێوە 4 کەسی دیکە لە گرتوخانەیی کرمان لە سێدارە دراون

تاوانی ئەو گیراوانە دەست درێژی بۆ سەر ژنان ڕاگەیاندراوە کە تا ئێستا هیچ ناوەندێک ئەو تاوانانەی پشت ڕاست نەکردۆتەوە

لە سێدارەدانی کەسێک لە بەندەر عەباس

دوشەنبە 26 خاکەلێوە 1390

بە پێی هەواڵەکان کەسێک بە نێوی" ا-س" کە پێشتر لە لایەن لقی یەکەمی دادگای سزای هورموزگان بە ئێعدام مەحکوم کرابوو لە بەندەر عەباس بێ ئەوەی شوێنی لە سێدارەدانی بە کەس ڕابگەیەنن لە سێدارە دراوە.

لەسێدارەدانی 2 کەسیتر لە ئێران

2011-05-15

سەرلەبەیانی ڕۆژی 15 مەی دو کەس بە ناوەکانی" ح، م 40 ساڵە و ر. ح 38 ساڵە" کە پێشتر بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرابووو، سزاکانیان لە گرتووخانەی ناوەندی شاری قەزوین جێبەجیکرا

دوو برا و کەسێکیتر لەسێدارەدران

2011-05-17

ڕۆژی 17 مەی ، محەمەد و عەبدوڵڵا" دوو برا کە 27 و 28 ساڵ تەمەنیان بوو لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ئێسفەهان لەسێدارەدران

---

**Kurdish Human Rights Association**

بنەماڵەی ئەو دوو جەوانە کە بە تاوانی موحاربیب لەسێدارەدران ڕایانگەیاندووە ،کە ڕۆڵەکانیان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دانیان ناوە بەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵیان و لە بنەمادا هیچ تاوانیکیان نەبووە
لە لایەکیتر ماڵپەری " ئیسنا" ڕایگەیاندووە کەسێک بە ناوی" ئەلف - ح" سەرلەبەیانی رۆژی 16 مەی لە گرتووخانەی ناوەندی شاری بەندەر عەباس لەسێدارەدراوە

لەسێدارەدانی سێ کەس لە ئورمییە
2011-05-22
بە گوێرەی هەواڵەکان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 3 کەس کە دوانیان خەڵکی شیراز بوون و کەسێکیتر بە ناوی" چەنگیز - ن" خەڵکی ئورمییە لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ئورمییە لەسێدارەدران
.تاوانی ئەو کەسانە لە لایەن دەزگای دادەوە، بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر ڕاگەیەندراوە

لەسێدارەدانی کەسێک لە ئەهواز
2011-05-22
بە گوێرەی ماڵپەری حکوومەتی" فارس" کەسێک بە ناوی" عامر - ح " بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ئەهواز لەسێدارەدراوە
جێ باسە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر جار دژبەرانی نیزام بە بیانووی جۆراوجۆر لەسێدارە دەدەن ئەمە لە کاتێکدایە ئەو تۆمەتانە لەلایەن هیچ ناوەندێکی سەربەخۆوە پشتڕاست نەکراوەتەوە

لەسێدارەدانی دوو کەس لە ڕۆژهەڵات و ئێران
2011-05-24
.لە بەردەوامی سیاسەتی لەسێدارەدان لە ئێران، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە دوو کەسیتریان لەسێدارە دا
بە گوێرەی هەواڵەکان رۆژی 23 مانگی مەی کوردێک بە ناوی" عەبدۆڵلا " لە گرتووخانەی ناوەندی شاری سەڵماس لە پارێزگای ئورمییە لەسێدارەدراوە
تۆمەتی ئەو کەسە لە لایەن کاربەدەستانی دەزگای داد، بازرگانی بە مادەی هۆشبەر ڕاگەیەندراوە.

لەسێدارەدانی 70 کەس لە ئێران
2011-05-25
بە گوێرەی ڕاپۆرتی" کەمپینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران" لە نیوەی دووەمی مانگی ڕەشەمەی ڕابردوو و مانگەکانی خاکەلێوە و بانەمەڕی ئەمساڵ نزیکەی 70 کەس لە گرتووخانەی ناوەندی" وەکیل ئاباد " لە شاری مەشهەد لەسێدارەدراون
بە گوێرەی سەرچاوەکە لە سێدارەدانی ئەو گیراوانە بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ بووە. تەنیا لە ڕێکەوتی .26ی بانەمەڕ 10 زیندانی لەو گرتووخانەیە لەسێدارەدراون
لەسێدارەدانەکان لە گرتووخانەی وەکیل ئاباد بێ ئاگادارکردنەوەی بنەماڵە و پارێزەری گیراوان، ئەنجامدراون و بە زۆری بە تۆمەتی بازرگانی کردنی بە مادەی هۆشبەر ئەو زیندانیانە لەسێدارەدەدرێن

لەسێدارەدانی 8 کەس لە ئێران
2011-05-26
لە بەردەوامی سیاسەتی لەسێدارەدان لە ئێران، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە 8 کەسیتریان لەسێدارە دا
بە گوێرەی ماڵپەری فەرمی" ئیرنا"، رۆژی 26 مای کەسێک لە شاری قەزوین لە سەرەتای شەقامی ئێران گاز لە پێش چاوی خەڵک لەسێدارەدرا

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، هەر لەو رۆژە دا لە 2 شوێنی شاری شیراز 4 کەس لە پێش چاوی خەلک لەسێدارەدراون
بەو پێیە حەمید رەنجبەر ئێسلام لو و حەمید رەزا باقری لە مەیدانی کوزەگەری و مەشحود دێهقان و مێهدی عەلیپوور، لە شارەکی گوڵێستان لە شاری شیراز لەسێدارەدراون
لە لایەکیتر هەر ئەورۆژە سەر لەبەیانی 2 کەسیتر لە شاری ساری لەسێداردراون
لە لایەکیتر" ڕایانگەیاندووە کە ڕۆژی 3 شەممە" سادق حێشمەتیان" 27 ساڵە کە ماوەی 7 ساڵ لە گرتووخانە دەستبەسەر بووە لە گرتووخانەی گەوهەردەشت لەسێدارەدراوە.
لەسێدارەدانی دوو کەس لە کرماشان

2011-05-29

بە گوێرەی ماڵپەڕی" ئیسنا" کاتژمێر 6 و 30 خۆلەکی سەرلەبەیانی رۆژی 29 مای 2 کەس لە مەیدانی ئازادی شاری کرماشان لە پێش چاوی خەڵک لەسێدارەدراون
.بەوپێیە لە سەرەتای ئەمسالی زایینیەوە تا ئێستا 239 کەس لە ئێران لەسێدارە دراون

**راپۆرتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی 5 ساڵی 2011**

گوشار بۆسەر پەنابەرانی رۆژهەڵاتی لە عێراق و باشوور

2011-05-01

دوای ئەوەی هێرش کرایەسەر کەمپی ئەشرەف و دەیان ئەندامی موجاهیدین لەو هێرشەدا کوژران، گوشارەکانی سەر پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی لە کەمپی ئەل وەلید کە لەنزیک سنووری سوریا هەڵکەوتووە، زیادی کوردووە
بەپێی زانیاریەکان بڕیارە پەنابەران بە زۆرەملەی بگوازرێنە و لەو پێناوەشدا بڕیارە نوێنەرانی وەزارەتی عێراق لە ڕۆژانی داهاتوودا سەردانی کەمپەکە بکەن
رۆژی یەکەمی ئاپریل سەرجەم پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە کەمپی ئەل وەلید دەژین، لەبەردەم دەفتەری یو ئێن لە کەمپەکە دەستیان بە مانگرتن کردووە
چەند چالاکێکی کرێکاری دەستگیرکران

2011-05-02

بە پێی هەواڵنێریەکان ، ڕۆژی چوارشەممە 27 ئاپریل دوو چالاکی خەڵکی سەلماس بە ناوەکانی "شاپوور ئەتمانی" و "سەمەد ئەمینی" لە لایەن هێزەکانی ئاسایشیەوە دەستبەسەر کراون.
تا ئێستا هیچ زانیاریەک لە سەر هۆکاری دەستبەسەر کردن و شوێنی دەستبەسەر کردنی ئەو کەسانە نازانرێ، لە لایەکی دیکەوە بە پێی ڕاپۆرتەکان مەحموود ساڵحی" یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی پیشەیی کرێکارانی شاری سەقز رۆژی یەکشەممە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستبەسەر کرا

2011-05-01

سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەو دەکەن، لە ماوەی دوو رۆژی ڕابردوودا 5 چالاکی کرێکاری لە شاری سنە دەستگیر کراون

به پێی سەرچاوەکانی هەواڵ "غالب حوسەینی" ،" خالد حوسەینی" و " یەدوڵڵا قوتبی" ئەندامانی کومیتەی یارمەتیدان بە پێکهێنانی رێکخراوی کرێکاری، ڕۆژی شەممە لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە بانگهێشت کراون و هەتا ئێستا چارەنووسیان نادیارە
هەروەها، "وەفا قادری" یەکێکی دیکە لە ئەندامانی ئەو کومیتەیە ڕۆژی یەکشەممە بانگهێشت کراوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و هەتا ئێستا هیچ زانیاریەک لەو بارەیەوە نازانرێ
لە هەمان کاتدا ئاژانسەکانی هەواڵنێری باس لەوە دەکەن کە "سدیق کەریمی" و " شەریف ساعد پەنا" دوو کەس لە ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەری یەکیەتی ئازادی کرێکارانی ئێران، لە دوای ئەوەی کە پەیمانیان لێ سەندراوە کە بەشداری رێورەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکاران نەبن، لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراون.

تەقینەوەی مین لە ناوچەی سۆران
2011 13:09
بەهۆی تەقینەوەی مین لە دەڤەری سۆران و خەلیفان، هاولاتییەك گیانی لەدەستدا و سێ منداڵی دیکەش بریندار بوون.
بەگوێرەی سەرچاوەکان لە باشووری کوردستانەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گەلی 'ئۆمەراغە'ی نزیکی گوندی سیتکان لە دەڤەری سۆران هاوولاتییەك بەناوی رەسول حوسێن' کە تەمەنی (70) ساڵە و خەڵکی گوندی بادلیانە لەو کاتەی کە خەریکی لەوەڕاندنی مەڕوماڵات بووە دەکەوێتە ناو کێڵگەیەکی مینرێژکراوەوە و مینێکی پێیدا دەتەقێتەوە و هەردوو قاچی لە دەستدەدات.
ناوبراو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی سۆران، بەهۆی سەختی برینەکەی گیان لە دەست دەدات.
لەلایەکی دیکەوە ،دوێنی ئێوارە، سێ منداڵ، کە خەڵکی گوندی گۆڕەز سەر بە ناحیەی خەلیفانن، لە کاتی دەستکاریکردنی پارچە تەقەمەنییەك ،هەرسێکیان بریندار دەبن و دەستبەجێ دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران.

هەڕەشە و گوشار بۆسەر گیراوانی کورد
2011-05-04
گوشار و هەڕەشەی لەسێدارەدانی گیراوانی سیاسی و باوەڕیەکان لە ئێران، بێ پسانەوە بەردەوامە زانرا کە گیراوی باوەڕی یارسانی یونس ئاقایان کە بە لەسێدارەدان سزا دراوە، ڕەوانەی ژووری قەرەنتینەی زیندانی ناوەندیی ئورمیە کراوە.
بە گوێرەی سەرچاوە هەرێمیەکان، باوکی گیراوی باوەڕی یارسانی یونس ئاقایان، کە بە لەسێدارەدان سزا دراوە، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵنێری موکریان، گواستنەوەی کوڕەکەی بۆ ژووری قەرەنتینەی زیندان پشتڕاست کردەوە و ووتی؛ کوڕەکەم کە 7 ساڵە لە زینداندایە و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، ڕۆژی ڕابردوو لە لایەن کاربەدەستانی زیندانی ئورمیەوە ڕەوانەی ژوری قەرەنتینە کراوە. دەووترێ کە یونس ئاقایان گیراوی باوەڕی یارسانی و خەڵکی میاندواو، نزیکەی 7 ساڵ لەمەوبەر لە گەڵ چەند کەسی تر لە گوندنشینانی گوندی ئوچتەپەی سەر بە ناوچەکە، لە پێکدادانەکانی دژ بە هێزەکانی ڕژیمدا دەستبەسەر کرا و لە دادگادا سزای لەسێدارەدانی بە سەردا سەپێنرا.

هێرش بۆسەر خۆپیشاندەران لە هەولێر

دوای ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین ،ویستیان ڕۆژی 1ی مەی لەبەردەم کونسوڵگەری ئێران لە شاری هەولێر سزای لەسێدارەدانی شێرکۆ مەعارفی شەرمەزار بکەن، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هێرشیان کردە سەر خوێندکاران و توندوتیژیان بەرامبەریان بەکارهێنا. ڕاگەیەندرا کە ڕەوشی ژمارەیەک لە خوێندکارە برینداروەکان، نالەبارە.
لە کاتی ئەو هێرشەدا ،هەواڵنێری ڕۆژنامەی ڕۆژەڤ' عومەر ئیکە' ،هەواڵنێری دیها' ئیدریس کارا' ،هەواڵنێری ڕۆژنامەی تروسکە ' عەدالەت'، هەوالنێری گۆڤاری کوردستان ڕاپۆرت ' ڕەفیق تەکین ' و سەرنووسەری گۆڤاری هاودەم' عابد کار" یش بریندار بوون.

خۆکوژی ژنێک لە سەردەشت
2011-05-05
کێشە کۆمەلایەتی و بنەماڵەییەکان بەردەوام هۆکاری بوونە قوربانی ژنانە لە کوردستان
ژنێکی گەنج خەڵکی گوندی" بانە زێر" سەربە شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی شەهلا ، لە مانگی ڕێبەندانی ڕابردوو تەنیا لەبەر ئەوەی کە خوازیاری ژیانێکی سەربەخۆ ببوو، ئاگری لە جەستەی خوی بەردابوو. شەهلا دوواتر ڕاگوێزی نەخۆشخانەیەک لە شاری تەورێز کرا و دووای سێ مانگ برینداری بە هۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی، ژیانی لە دەستداوە. شایانی باسە کە کێشە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکان لە کوردستان ساڵانە قوربانی بوونی دەیان ژنی لێدەکەوێتەوە.
بە بۆنەیی سالیادی ئێعدامکراوانی 19ی گوڵان
2011-05-08
بەرەبەیانی 9ی مانگی مەی 2010 چوار چالاکی سیاسی کورد" مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلیان، عەلی حەیدەریان" و چالاکێکی دیکە بە ناوی مێهدی ئیسلامیان لە .گرتووخانەی ئەوین لە شاری تاران، بێ ئاگادار کردنەوەی پارێزەر و بنەماڵەکانیان لەسێدارەدران
شیرین عەلەم هولی لە دایک بووی 1981ی گوندی دێم قشڵاقی سەر بە شاری ماکو دووای تێپەڕ بوونی یەک ساڵ و 9 مانگ زیندان لە گرتووخانەی ئێوین، لە ڕێکەوتی 19ی دیسامبەری 2009بە تۆمەتی هاوکاری پارتی ژیانی ئازادی کوردستان سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا
مامۆستا فەرزاد کەمانگەر لە دایک بووی ساڵی 1975، چالاکی مافی مرۆڤ، چالاکی ژینگە پارێز، ڕۆژنامەوان و ئەندامی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان کوردستان، لە مانگی جوولای 2006 لە شاری تاران دەستبەسەر کراو و لە داداگایەکی چەند خولەکیدا بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە پەکەکە ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان بووەوە
فەرزاد کەمانگەر لە گرتووخانە چەندین نامەی واتاداری ناردە دەرەوەی زیندان و لە یەکێک لە نامەکانیان دەڵێت: لێگەڕێن با دڵم لە سینەی منداڵێک دا لێ بدا و بەیانی یەک لە قوڕگێکەوە و بە زمانی زگماکیم هاوار بکا
من دەمەوێ ببمە بایە خۆشەویستی مرۆڤ بەرم بۆ گشت سوچی ئەم دونیایە

فەرهاد وەكیلی لە دایكبووی شاری سنە، خاوەن 3 منداڵە بە ناوەكانی هێنگامە، هەورام و هەوراز، منداڵەكانی ئەو گیانبەختكردووە كوردە لە ڕێكەوتی 13ی مارس 2010 نامەیەكیان بۆ باوكیان نووسی كە تێدا هاتبوو:

لە نەبوونی تۆدا چ كەسێک دەتوانێت وانە و پەندی باوكانەمان فێر بكات؟

باوكی ئازیز بە بێ تۆ گەرمی هەتاو و ڕوناكی مانگەشە و بۆمان مانایەكی نابێت

عەلی حەیدەریان گیراوی سیاسی كورد ڕۆژی 23ی سیپتامبەری 1979 هەتاوی لە شاری سنە لە دایک بوو، ساڵی 2006بە مەبەستی نەشتەرگەری چووەتە تاران و ماوەیەک لەم شارەدا ژیاوە تا ئەوەی كە ئێوارەی ڕۆژی 28ی مانگی گەلاوێژ لە لایەن چەند لیباس شەخسییەكەوە قۆڵبەست كراو و بەرەو شوێنێكی نادیار بردرا ،حەیدەریان ماوەیەک بەر لە جێبەجێكردنی سزاكەی ڕەنجنامەیەكی ئاراستەی ڕای گشتی كرد، كە تێدا هاتبوو: یەكێک لە لێكۆڵەرەوان لە كاتی لێپرسینەوەكە پرسیاری لێ كردم خەڵكی كوێی؟ و منیش لە وەڵامدا وتم خەڵكی سنەم و كوردم. هێشتا قسەكەم تەواو نەبوو كە سێ چوار مشتی تێ كوتام. چونكە بە باوەڕی ئەو كوردەكان هەموو جوداییخوازن و سەبەبی پەشێوی و دواكەوتویی وڵاتن.

حەیدەریان ،دووای 18 مانگ دەستبەسەری لە لقی 30ی دادگای شۆڕشدا بێ ئەوەی هیچ مەجالێک بۆ بەرگری لەخۆكردن وەربگرێ "لە ماوەیەكی كورتی 10 خولەكیدا بە تاوانی ئەندامەتی لە پەكەكە" .بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا

.یەكێكیتر لەو چالاكە سیاسیانە، مێهدی ئیسلامیان بوو

.شایانی باسە ئەم 5 چالاكە بەرەبەیانی ڕۆژی 9ی مەی لە زیندانی ئێوین لەسێدارە دران

دووابەدووای لەسێدارەدانی" شیرین عەلەم هولی، فەرزاد كەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەكێلی و مێهدی ئیسلامیان لە ڕێكەوتی 23ی گوڵان كوردان لە شارەكانی،سنە، مەریوان، ئیلام، گەیلان غەرب، ماكۆ و بەشێک لە شاری ورمێ ،سەقز، بۆكان،مەهاباد، شنۆ، نەغەدە، دیواندەرە، كامیاران و كرماشان، جوانڕۆ، سەردەشت، نەڵاس، ڕەبەت و زۆربەی شارەكانی تر بە مەبەستی شەرمەزاركردنی لە سێدارەدانی 5 گیراوای سیاسی لە مانگرتنی سەرتاسەریدا بوون،هەروەها كوردان لە باكور و باشووری كوردستان لە ئورپا، ئامریكا، كانادا، ئەفغانستان و چەندین وڵاتیتر جێبەجێكردنی سزای ئەو چالاكە كوردانەیان بە شێوەیەكی بەرفراوان شەرمەزار كرد.

گوشاری رژیم بۆسەر ماموستایان لە ڕۆژهەڵات

2011-05-10

دووابەدووای بڵاوكردنەوەی لێدوانی" ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی كوردستان" سەبارەت بە ناونانی ڕۆژی 9ی مەی ڕۆژی لەسێدارەدانی ماموستا فەرزاد كەمانگەر و هەڤاڵانی وەک 'ڕۆژی دژ بە توندوتیژی'، 'شیوا عاملی ڕاد و ئێسكەندەر لوتفی' دوو ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بانگهێشتی ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان كراون

جێی بیر هێنانەوەیە جگە لەو دوو ماموستایە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا 15 ئەندامی ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی كوردستان بانگهێشتی ستاد خەبەری شاری سنە كراون، بەو پێیە لە ماوەی یەک هەفتەدا 17 ئەندامی ئەنجومەنی پیشەیی ماموستایانی كوردستان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات كراون.

مانگرتنی گەل لە ڕۆژهەڵات بەبۆنەی 9ی مەی

2011-05-09
بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتووە، گەلی کورد رۆژی 9 مانگی مەی لە شارەکانی، مەریوان، سەردەشت، پیرانشار، شنو و ڕەبەت بە مەبەستی شەرمەزار کردنی سیاسەتی لەسێدارەدانی کۆماری ئیسلامی و بەرز راگرتنی یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای .ئازادی، دووکان و بازاڕەکانیان نەکردووەتەوە
ڕاگەیەندرا کوردان پۆل پۆل سەردانی بنەماڵەی" عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی یان کردووە لە شاری سنە و لە شاری کامیارانیش، کوردان سەردانی ماڵی مامۆستا فەرزاد کەمانگەریان کردووە
بە گوێرەی سەرچاوەکە هەزاران کەس سەردانی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی گیان بەختکردوانیان کردوە
هەروەها ڕاگەیەندرا لە گرتووخانەی وەکیل ئاباد لە شاری مەشهەد، بۆ یادی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی ئەمڕۆ مۆم داگیرسێندراون.
پێکدادان لە نێوان جەماوەری نەوسوود و هێزەکانی رژیم

2011-05-12
بە گوێرەی هەواڵەکان هێزە سنوریەکانی ڕژیم لە ناوچەی نەوسوود لە پارێزگای کرماشان ڕێکەوتی 17ی بانەمەڕ بە مەبەستی دەستبەسەر کردنی 19 کەس لەو هەرێمە بە کاروانێکی سەربازی لە شاری پاوە بەرەو نەوسوود ڕۆیشتوون تا بە فەرمانی دادگا ئەو کەسانە دەست بەسەر بکەن
لە دووای ئەو کردەوەیە خەڵکی نەسوود نارەزایەتیان دەربڕیوە و لە ئەنجامدا پێکدادان هاتووەتە ئاراوە جەماوەر دەستیان داوەتە شکاندنی شیشەی ماشینەکانی ئەو هێزانە و ئەوانیش بە باتوم هێرشیان کردووەتە سەر جەماوەر، ڕاگەیەندرا بە هۆی ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر هیزەکانی ڕژیم نەیانتوانیوە ئەو 19 کەسە دەستبەسەر بکەن
چی بیر هێنانەوەیە ڕۆژی 2ی خاکەلێوەی ئیمساڵیش لە ئەنجامی پێکدادان لە نێوان هێزە حکوومەتیەکان و کۆڵبەرانی کورد لەو هەرێمە لە ئەنجامی دەستڕێژی گولەی هێزە حکوومەتیەکان جەوانێکی کورد بە ناوی" پوورمەند مەدحەت نیا" گیانی لە دەستداو 3 کەسیتر بە ناوەکانی" لۆقمان ئازەری، هیوا محەمەدی و شووان سەلامەتیان" بریندار ببوون
خۆکوژی ژنان بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتیەکان

2011-05-12
بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە رۆژهەڵاتی کوردتسان بە دەستمان گەیشتووە، ژنێک بە ناوی" تەریان - م" خەڵکی گوندی ئەشناک گرێدراوی شاری سەڵماس ڕۆژی 3 شەممە20ی بانەمەڕ ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە
هێزەکانی ئێران بەردەوامن لە کوشتنی کاسبکاران

2011-05-16
بە گوێرەی سەرچاوە هەرێمیەکان، ڕۆژی شەممە 14ی مەی، لە هەرێمەکانی چەکۆ و سێپەکانی سەر بە سەردەشت، کەسێک بە ناوی سەرگەرد کوڕی محەمەد بە گولەی هێزە نیزامیەکانی سەر بە ڕیژیمی ئێران، بریندار بووە،لە لایەکی ترەوە ڕۆژی پێنجشەممە 12ی مەی، کەسێک بە ناوی کاروان سەعیدی، لە سەر ڕێگای مەریوان لە ماشێنەکەیدا بە گولەی هێزەکانی ڕژیمی ئێران کوژرا. شایەدحاڵان ئاشکرایان کرد کە کاروان لە ئۆتومبیلەکەیدا هیچ کاڵایەکی پێ نەبووە کە ببێتە هۆکاری گومان،

سەرچاوە هەرێمیەکان هەروەها ڕایانگەیاند، ڕۆژی چووارشەممە 11ی مەی، لە ناوچەی سنووری دۆڵەبی سەر بە مەریوان، کۆڵبەرێک بە ناوی مەسعود نیک بە گولەی پاسدارانی ڕژیم بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا، هەر ڕۆژی چوارشەممە لە ئاکامی تەقینەوەی میندا لە دەوروبەری شاری مەریوان، 3 کەس بریندار بوون، شایانی باسە کە زۆربەی ئەو قوربانیانەی کە بە گولەی پاسدارانی ڕژیمی ئێران دەکوژرێن و بریندار دەبن، کاسبکار، منداڵ، ژن و خەڵکی مەدەنین.

کوشتنی لاوان و چەواشەکاری رژیم لە مەریوان

2011-05-17

دەستەڵاتدارانی ئێران، کە هەموو ڕێو وریبازێکی قێزەونی وەک کوشتن، لەسێدارەدان، هەڵاواردن و بێڕێزی کردن بە ناسنامەی گەلی کوردی، وەک سیاسەتیکی ستراتیژیک بۆخۆی دەستنیشان کردووە، لاوانی کورد ڕەشە کوژ دەکات و دواتریش بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو کەسانە بەهەڵە کوژراون

یەکێک لەو لاوە کوردانە، کاروان سەعیدی نیای خەڵکی ئاوایی پیرسەفای ناوچەی مەریوانە

کاروان چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە نزیک دەریاچەی 'زرێبار' لەلایەن چەکدارانی ڕژیمەوە درایە بەردەستریژی گولە و ڕەشەکوژکرا

بەپێی دواین زانیاری، کاربەدەستانی دەوڵەتی لەگەڵ هەندێ بەکریگیراو لەهەرێمەکە، سەردانی بنەماڵەی کاروانیان کردووە و پێیان ڕاگەیاندون کە کوڕەکەی ئەوان بەهەڵە کوژراوە و دەتوانن لە لای دەوڵەت شکایەت بکەن.

کاربەدەستانی ڕژیم بەڕێگای ئەو سیاسەتە، دەیانهەوێ ڕەوایەتی بە دەوڵەتەکەیان بدەن و کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتێک نیشان بدەن کە گوایە بەڕێگای یاسا مافی هەموو کەسێک دەپارێزێت

ئەو هەوڵانەی کاربەدەستانی ڕژیم لە کاتێکدایە کە ئێستا سەدان لاوی کورد لە ئەشکەنجەخانەکاندا لەژێر دژوارترین ئەشکەنجە ڕاگیراون و لە دادگای چەند خولەکەکانیاندا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنن.

پاسداران ناوەندێک بۆ کۆنترۆڵی ئینتەرنەت پێکدێنێ

2011-05-17

سپای پاسدارانی حکومەتی ئێران، سەرەڕای ئەوەی دەستی وەرداوەتە سەرجەم بوارە، ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، لە نوێترین کردەوەدا بە نیازە، قەرارگای بە ناو "تیرۆریزمی ئینتێرنێتی" سپای پاسداران دابمەزرێنێت

سەرتیپ " سەید مەسعود جەزایری" جێگری کولتوری ناوەندی هیزە چەکدارەکان لە وتوویژێکدا لەگەل هەواڵنێری " مێهر" وتوویەتی: بەڵگەکانی پێویست بۆ ئەو ناوەندە ئامادە کراوە و لە شوورای باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و شوورای باڵای شۆڕشی کولتوری پەسەند کراوە و بەم زووانە قەرارگای سایبری لە ئێران دادەمەزرێت ،ئەو کردەوەیەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدایە، ئەو وڵاتە لە لایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان تا ئیستا بە دەیان جار ڕوبەڕوی ڕەخنە بووەتەوە لەبواری ئاستەنگ کردنی ئازادی بەیان و سانسۆر کردندا.

لە وان گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە

2011-05-17

گۆڕە بەکۆمەڵەکان تا دێ هۆڤێتیی دەوڵەتی تورک نیشان دەدەن

لە ناوچەی میکسی سەر بە پارێزگای وان، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە کە 3 گەریلای پەکەکە لە خۆ دەگرێ، کە لە ساڵی 1998 لە ئۆپەراسیۆنێکدا گیانیان لەدەست داوە
شایەدحاڵی ئەو شەڕە، ئیبراهیم سونکور ئاشکرای کرد کە دوای پارچەپارچەکردنی تەرمی هەر سێ گەریلاکە لە لایەن سەربازانی تورکەوە، بە کۆمەڵ شاردرانەوە

مستەفا سەلیمی بۆ ژووری تاکەکەسی گوازرایەوە

2011-05-18

لە درێژەی گوشاری سەر گیراوانی کورد، 'مستەفا سەلیمی' کە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە، ڕاگوێزی ژوری تاکەکەسی کراوە
بە گوێرەی زانیاریەکان هێزەکانی ناو زیندانی سەقز ڕۆژی 2 شەممە مستەفا سەلیمیان گواستووەتەوە بۆ ژوری تاکەکەسی، ئەو گیراوە کوردە زیاتر لە 7 ساڵە لە گرتووخانەیە
مستەفا سەلیمی خەڵکی گوندی" ئیلۆ"ی سەر بە شاری سەقز، لە دەستپێکی ساڵی 1382 لە شاری نەهاوەند لە پارێزگای لوڕستان دەستبەسەرکراو دوواتر بە تۆمەتی موحارێب ڕووبەڕوی سزای لەسێدارەدان بووەوە.

سزای 25 ساڵ زیندان بۆ کوردێک لە سەڵماس

2011-05-18

وەحید نەبیزادە، 28 ساڵە خەڵکی گوندی" گوڵ ئادەم"ی سەر بە شاری سەڵماس لە ساڵی 1385 لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات، بە تۆمەتی هاوکاری پارتیەکی کوردی دەستبەسەر کرا و دوای 2 مانگ، بە دانانی بارمتە، بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کراو لە داگا وەک بێتاوان ناسێندرا
وەحید نەبیزادە لە ساڵی 1387 بۆ جاری دوهەم دەستبەسەر دەکرێت و دوای 4 مانگ هێشتنەوەی لە ژوری تاکەکەسی، ڕاگوێزی گرتووخانەی شاری سەڵماس کرا و لە دادگادا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. دواتر ئەو سزایە گۆڕدرا بە 25 ساڵ زیندان. وەحید نەبیزادە ساڵ و نیوێک پێش ئێستا دوورخرایەوە بۆ گرتوخانەی ناوەندی شاری زەنجان، ڕاگەیەندرا وەحید نەبیزادە، بێ ئەوەی شتێکی لەسەر ئیسبات بکرێت، ڕووبەڕوی ئەو سزایە بووەتەوە.

تەقەکردن لە کاسبکاران بەردەوامە

2011-05-19

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتووە، ڕژیم لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە دەوروبەری گوندەکانی زوران و وەرتەندوێ، کاسبکارانی کورد دەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان و دوو کاسبکار بریندار دەکەن و بارەکانیان بەتاڵان دەبەن، لەلایەکی تر هەر لە ناوچەی سەردەشت لە هەرێمی گۆڕەشیر، هێرشێکی تر لەدژی کاسبکاران پێکدێت و کاسبکارێک بە سەختی بریندار دەبێ ،لەو هێرشانەدا، چەندین وڵاخی کاسبکاران دەکوژرێن.

داسەپاندنی زیندان بەسەر 5 لاو لە مەریوان

2011-05-19

زیاتر لە هەشت مانگ لەمەوبەر چەند لاوی کورد لە ئاوایی " نێ " ی سەربە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەلانی ڕژیمەوە دەستبەسەر کراون، بەگوێرەی بڕیارەکەی دادگا،

فەرزاد بەدەخش و زانا کەسرایی، سزای 5 مانگ زیندانیان بەسەردا سەپیندرا، هەروەها قانع کاوە، کەیوان نیکپەی و جەماڵ پەروازە، سزای 5 ساڵ زیندانیی تەعلیقیان بە سەردا سەپێندراوە

گوشاری رژیم بۆسەر هونەرمەندان لە کرماشان

2011-05-22

بە پێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتوە هێزەکانی ئاسایشی و ئیتلاعات لە هەرێمەکانی کرماشان هۆشداریان داوەتەوە ئەو هۆنەرمەندانەی کە کاری موزیکی ڕەسەن دەکەن، بە گوێرەی زانیاریەکان وەزارەتی ئیرشاد هۆشداری داوەتە ئەو کەسانە کە لە کاتی سەردانی باشوری کوردستاندا، نابێت لەگەڵ ڕاگەیاندنە کوردیەکان وتووێژ بکەن و تەنانەت لە بۆنەکاندا کاتێک بەشداری دەکەن نابێت کە وێنەی وا بگرن کە هێما کوردیەکانی تێدا دیار بێت، بەپێچەوانەوە ڕووبەروی سزا دەبنەوە

بانگەوازی مانگرتن لە رۆژی 3ی جۆزەردان

2011-05-23

هاوکات لەگەڵ بانگەوازیەکان بۆ مانگرتن لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردان، لە زانکۆی زانست و پیشەسازی تاران لە ساڵرۆژی گیانبەختکردنی خوێندکاری کورد "کیانووش ئاسا" دا، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە گووشارەکان لەو زانکۆیە زۆر بووە

پێشتر خوێندکاران ڕایانگەیاندبوو، کە لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردان دا پۆلەکانی وانەگووتنەوە بایکۆت دەکەن و بۆ بەرزراگرتنی یادی کیانووش ئاسا لە "پارکی ئاسا" کۆدەبنەوە و یادی ئەو خوێندکارە کوردە و گیانبەختکراوانی دیکە دەکەنەوە.

ئاماری بنپێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران

2011-05-25

بنپێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، هیچ سنورێک ناناسێت. بەگوێرەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، تەنها لە مانگی بانەمەری ئەمساڵدا 26 هەزار و 404 جار مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بنپێکراون

لە مانگی گولانی 1390، 171 راپۆرت لەسەر پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی تر لەئێران، تۆمار کراوە

لە مانگی بانەمەڕ ١٣٩٠، لانیکەم 6 جار راپۆرتی پێشێلکردنی مافی ژنان تۆمارکراوە، کە زۆربەیان پێوەندی بە دەستبەسەرکرانی هەڵسووراوانی بواری ژنان بووە

5 جار راپۆرتی پێشێلکردنی مافی منداڵان تۆمار کراوە

24 کەس لەسێدارەدراون کە 11 کەسیان لەبەرچاوی خەڵکەوە لەسێدارەدراون

123 بابەتی پێشێلکردنی مافی بەندکراوان تۆمار کراوە و هەریکەم 500 کەس لە بەندکراوان لە گرتووخانەکان ئەشکەنجە کراون و 13 کەسیشیان ڕاگوێزی ژوری تاکەکەسی کراون

لە مانگی گوڵاندا، هەریکەم 608 کرێکار لەلایەن خاوەنکارەکانیان بەهۆی کەمکردنەوەی هێز لەسەر کارەکانیان دەرکراون ،هەر لە مانگی ڕابردوودا ٤٧ راپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بوای ڕادەربڕین لە ئێران تۆمار کراوە، هەروەها ٣ بڵاوکراوە و ڕۆژنامە داخراون.

گوشارەکانی رژیم بۆسەر هاوڵاتیان لە رۆژهەڵات

2011-05-25

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتووە؛ کار بە دەستانی ڕژیم لە هەرێمەکانی مەریوان ماوەیەکە بە بیانوی ئەوەی جەوانانی کورد ببەنە سەربازی زۆرەملێ دەستیان

کردوە بە هەڵمەتێکی ڕەشبگیری، بەو پێیە ماوەی چەند ڕۆژێکە پاسگاکانی خاو لە سێڕیانی بەردەڕەشە و پاسگای بەردە ڕەشە لەلای زرێبار کەمین دادەنێن بۆ جەوانان و ئەو گەنجانەی کارتی سەربازیان پێنەبێت دەستبەسەریان دەکەن. ڕاگەیەندرا هێزەکانی ڕژیم دواتر ئەو گەنجانە یان بە پارەیەکی زۆر یان بە دانانی کەفالەت ئازاد دەکەن.

کوشتنی دو کاسبکاری کورد

2011-05-26

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتووە، ڕۆژی 3 شەممە 3 جوزەردان" مەلا کاکایی" لە ناوچەی سنوری خدراوێ سەر بە شاری سەردەشت لە ئەنجامی دەستڕێژی گولەی هێزەکانی ڕژیم گیانی لە دەستداوە، جێ بێرهێنانەوەیە کە پێریش،" ئیبراهیم خزر زادە" باوکی 7 منداڵ کە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی ڕۆژانە کاری کۆڵبەری کردوە, لە سەر سنوری پیرانشار لە کاتێکدا هیچ بارێکی پێنەبوە،لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دراوەتە بەر دەستڕێژی گولە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەستداوە،هەر پێرێ هیزە سەربازیەکانی ڕژیم لە دەوروبەری زرێبار لە شاری مەریوان کەسێک بەناوی " عەبدوڵلا ئازەرمی" خەڵکی ساوجی‌یان داوەتە بەر دەستڕێژی گولە و بە گرانی برینداریان کردوە، بە جۆرێک کە ناوبراو ئێستا لە نەخۆشخانە لە کۆمادایە.

گوشارەکانی رژیم بۆسەر گیراوانی سیاسی

2011-05-26

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتووە، خەلیل مستەفا ڕەجەب گیراوی سیاسی کوردی خەڵکی باشوری ڕۆژئاوای کوردستان، کە ماوەی 6 ساڵە لە گرتووخانەی ناوەندی شاری سەقز ڕاگیراوە، ڕەوشی تەندروستی دژوار ڕاگەیەندرا. بە گوێرەی زانیاریەکان خەلیل تووشی نەخۆشی سیپەلاک بووە و پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە لە دەروەی گرتووخانە، بەلام کارەبەدەستانی گرتووخانەی سەقز پێش لە چارەسەری دەگرن. زانرا کاتێک یەکێک لە بەرپرسانی ئیدارەی گشتی زیندانەکانی پارێزگای سنە سەردانی گرتووخانەی سەقز دەکات و گیراوانی سیاسی داوا دەکەن کە چارەسەری پزیشکی بۆ خەلیل مستەفا ڕەجەب بکرێت، ئەو بەرپرسە لە وەڵامدا هەڕەشەی دور خستنەوەی لە گیراوانی سیاسی کردووە.

زیندانی کردنی کەسێک لە سەقز

2011-05-29

بە گوێرەی هەواڵەکان دیاکو عەبدی 20 ساڵە و خەڵکی شاری سەقز لە ڕێکەوتی 28ی بانەمەڕ لە لایەن هێزەکانی ئاسایش دەستبەسەرکراو و دوای چەند ڕۆژ ڕاگوێزی گرتووخانەی ناوەندی شاری سەقز کراوە. تا ئیستا کاربەدەستانی حکوومەتی هیچ هۆکارێکیان بۆ دەستبەسەر کردنی ناوبراو ڕانەگەیاندوە بەڵام دەوترێت کە دیاکو بە تۆمەتی ئاسایشی دەستبەسەر کراوە.

ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی ئێران لە چەندین ناوچە

2011-05-30

سەرچاوە هەرێمیەکان ڕایانگەیاند، لە درێژەی ئۆپراسیونە سەربازیەکانی هەرێمە سنوریەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزەکانی سپای پاسداران، ماوەی 4 ڕۆژە لە دەوروبەری گوندەکانی دۆڵە توو، چوالان و نواوێ لە هەرێمی سەردەشت، خەریکی کەمین دانانەوەن و، گوشار دەخەنە سەر

**Kurdish Human Rights Association**

---

گوندنشینان و خەڵکی هەرێمەکە ،بە پێی هەمان سەرچاوە، لە هەرێمەکانی بانە و مەریوانیش ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوامن

وێبلاکنووسێک لە کرماشان دەستبەسەر کرا

2011-05-30

بەگوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵنێری لە کرماشانەوە، وێبلاگنوس و هەڵسوڕاوی سیاسی 'زارا گوڵکار'، 28 مای لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سپا لە کرماشان ئاگادار دەکرێتەوە کە سەردانی ئیتلاعاتی سپا بکات. دوای ئەوەی زارا گوڵکار رۆژی 29 مای دەچێتە ئەو ئیدارەیە، دەستبەسەر دەکرێت و تا ئێستاش چارەنوسی نازاندرێت.

گوشارەکانی رژیم بۆسەر چالاکانی سیاسی

2011-05-30

لە چوارچێوەی گوشار لەسەر هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگوێرەی سەرچاوەکانی خەبەری ناوخۆ لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری سەقز، سزای 8 ساڵ زیندانیی، بۆ هەڵسوڕاوێکی کوردی بەناوی 'ساسان مورادی' پشتڕاست کردەوە

ساسان مورادی تەمەن 28 ساڵان، ساڵی 1388 لە شاری سنە لەلایەن هێزەکانی سەربە ڕژیمەوە دەستبەسەر کراو ماوەی 6 مانگ لە گرتوخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە راگیرا. دواتر لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری سنەوە، بەتۆمەتی هاوکاریکردنی پارتییەکی کوردی، سزای 8 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد- ئورووپا

20110531